فوئاد حسێن بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆن

ئەمە هەینیە،بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکان و چەند پرسێکی جێ گرنگی هاوبەش جەگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: فوئاد حسێن جەگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا و لەو ماوەیدا زنجیرەیەك دیداری دوو قۆڵی لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی باڵای ئیدارەی ئەمریکا ئەنجام دەدات.

ئاماژەی بە ئەوەشکرد: ئەم سەردانە لە چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێت، هەروەها گەیان بەدوای ڕێگاکانی پەرەپێدانی هاریکاری هاوبەش لە بوارەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابووریدا، ئەمە جگە لە تاوتوێکردنی پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرژەوەندی هاوبەش.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، بەیارە وەزیر لە سەردانەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کەبەتەوە، دیارترینیان مارکە هوبیە وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە، ئەوە جگە لە ئەنجامدانی کەبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ئابوورییە دیارەکان.